د.فەرهاد پیربالْ

# جەمیل سائیب پێیوتم شێخ مەحمود سەرۆك هۆزێكی دیكتاتۆر بووە



**●ئەم بابەتە بەشێكی بچووكە لە كتێبێكی چاپنەكراوی د. فەرهاد پیربالْ، هەرچەندە ئەو تا ئێستا لەسەر ناوێكی دیاریكراو بۆ كتێبەكەی رێكنەكەوتووە، بەڵام پێدەچێت ناوی بنێت (ماڵی مردووان)، ئەم كتێبەی د. فەرهاد خاوەنی تەكنیكێكی تەواو نوێیەو كە تێكڕای كتێبەكەی گفتوگۆی شەوانەیە لەگەڵ بلیمەتە مردووەكان. لە شەوی سێیەمدا لەگەڵ (جەمیل سائیب)ی رووناكبیری سەردەمی شێخ مەحمود دەدوێت، ئەم نووسینەی دكتۆر فەرهاد پیربالْ لەجیاتی گۆشەی (نامەكان)ی بلاودەكرێتەوە.**

من دەبێ دانی پێدابنێم تەنیا شەوانی خەولێزڕانو خەولێنەكەوتنی خۆم دەمتوانی ئەو بلیمەتانە ببینم كە لێرەدا حەكایەتی دانیشتنو قسەوباسەكانیان دەگێڕمەوە...! ئەو شەوانەی كە ئیتر تەواوی پەیوەندیی خۆم لەگەڵ ژنو منداڵەكانی خۆم -تەنانەت تەواوی پەیوەندیی خۆم لەگەڵ دنیای دەرەوەش- بزردەكردو دەكەوتمە حاڵەتێك كە لەنێوان نوستنو بێدارییدا دەبووم.

شەوڕۆیەك ئاسا، ژووری نوستنو ناو نوێنەكەی خۆم جێدەهێشتو هەڵدەستامەوەو دەهاتمە ژووری كتێبخانە پانوپۆڕەكەی خۆم، هەموو شەوێكیش چونكە كارەبا نەبوو، ژوورەكەم تاریكو نوتەك؛ چرایەكم دادەگیرساند. ئیتر ئەو بلیمەتانەی هاوڕێم، هەر شەوێك چوار پێنجێكیان، شەوی واش هەبوو دە دوانزەیەك بەجارێك، رۆحیان -واقیعیترو بینراوتر لە جەستەی هەر كەسێكی ژیانی رۆژانەم- لە دووتوێی كتێبەكان خۆیانەوە، لەناو رەفەكانی كتێبەكانمەوە، دەردەهاتنە ژوورەوەو دەچوون تاك تاك یان دەستە دەستە، هەر یەكەو لە شوێنێك، لە كونجێكی ژوورەكەم، یان لەسەر كورسییەك، لە دووتوێی مێزێك دادەنیشتن.

هەندێ شەویش، بەتایبەتی ئەو شەوانەی كارەبامان هەبووایە، هەر لەو دەمەی كاتێ پێمدەنایە ژوورەكەمەوە، دەمدین لەوێ ئامادەبوون، زۆرجاریش دەكەوتنە سەر رێگەی چوونە سەر كورسییەكەی خۆم.

ئەمشەو؛ تەبای شەوانی دیكە، كاتێ گەیشتمە ژووری كتێبخانەكەمو چرای سەر مێزەكەم داگیرساند، دیتم ژوورەكەم -بەپێچەوانەی جاران- چۆڵو خامۆش: تەنیا جەمیل سائیبی لێیە، جەمیل سائیبی نووسەری (لە خەوما). بە تاقی تەنیا پشتی بە ئەسكەمیلە گوڵهەناریەكەمەوە دابووو جگەرەی دەكێشا.

گوتم ئەوە جەماعەت لە كوێن؟ بۆچی كەس دیارنییە؟ جەمیل سائیب تەماشای منی نەكرد، گوتی پێش ئەوەی تۆ بێیتە ژوورەوە، تەنیا هنری باربۆس و رەفیق حیلمیو شاتۆبریان لێرەبوون. بەدوای قونی (سافۆ)ی یۆنانی كەوتن.. چوونە دەرەوە!

– بەمشەوە دیسان چوونە كوێ؟

گوتیان هوتێلی هەولێر پلازا تازەكراوەتەوە، دەچین دەڵێین سەرێكی ئەوێ دەدەینو لە كافتریاكە نەختێك دادەنیشینو قاوەیەك، بیرەیەك دەخۆینەوەو زوو دێینەوە.

– نەیانگوت كێ لەوێیە؟ یان دەچن لەوێ چی دەكەن؟

– جەمیل سائیب گوتی: تۆ وادیارە تاکو ئێستا نهێنیی ئێمە نازانیت!
– گوتم چ نهێنییەکی ئێوە نازانم ..؟
– گوتی ئەو نهێنییە نازانیت کە ئێمەی مردوو، ئێمەی خێو بۆچی هەڵدەستینەوەو دێینە ناو جیهانی ئێوەی زیندووەکان! بۆچی؟
– گوتم بۆچی؟
– جەمیل سائیب دووبارە قسەکەی پێشووی کردەوە:
دەزانی بۆچی ئێمەی مردووەکان خۆمان لە ئێوە بەشێوەی خێو پیشاندەدەین‌و دێینەوە ناو جیهانی واقیعیی ئێوە؟
– بۆچی؟
– چونکە ئەرك‌و كارێکمان هەیە جێبەجێی بکەین کە لە ژیانی ئەوکاتەی خۆماندا پێماننەکراوە جێبەجێی بکەین.
– چی .. چی؟
– گوتی دێینەوە ناو دنیای واقیع بۆ ئەوەی پەیامێك بگەیەنین یان شتێك بکەین کە لە زەمانی زیندووبوونی خۆماندا ڕێگەمان لێگیرابوو ئەنجامی بدەین.. بەکورتی چاومان هێشتا لەم دنیایەی ئێوەیە.
– یەعنی چۆن؟
– مەسەلەن کافکا.. لە ژیانی خۆیدا تێرتێر نەژیاو تێر تامی ئاسوودەیی نەکرد، ئێستا کە لای تۆ بۆتەخێو هەڵدەستێتەوەو دەیەوێ بێتەوە ناو ژیان بۆ ئەوەیەتی کە بچێ بۆ خۆی کەمێك، دوور لە دادگاییکردن‌و دوور لەو قەسرانەی ئەزیەتیان دەداو دوور لە نازیزم‌و هەموو شتێکی دیکە (بە باوکیشییەوە) کە ئەزیەتی ڕۆحیان دەدا، بچێ بۆ خۆی ئازاد ئازاد هەندێك بگەڕێت‌و دنیا ببینێ.
– لە جەمیل سائیبم پرسی: باشە؛ ئەگەر قسەی تۆ ڕاست بێت، بۆچی خۆی ناچێتە پراگ یان ناچێتە بەرلین؟
– جەمیل سائیب گوتی: فەرموو ..! نالێم تۆ نهێنییەکانی ئێمە نازانیت.
– بۆچی؟
– ڕۆح ئازادە، لە چاوتروکانێکدا بیەوێ لە هەر شوێنێك ئامادەبێت؛ ئامادە دەبێت. مەسەلەن ئێستا کافکا لەوانەیە لە نیوەدهلی بێت، لای کچە سەماکەرێکی هیندی دانیشتبێت‌و خۆی لێکردبێتە مێردی... لە هەمان چرکەشدا لە پراگ لەناو بارێك لەگەڵ کچێکی هەنگاری دانیشتبێت، لە شێوەی کوڕێکی قۆزدا، بیرەیەکیشی لەگەڵ بخواتەوە (چونکە کافکا، بەمنی دەگوت: جارێکیان کچە هەنگارییەکم خۆشویست کە لە سێرك ئیشی دەکردو بۆ پارەپەیداکردن لەگەڵ تیپەکەیان هاتبوونە پراگ.. نەمتوانی لەگەڵی جووتبم، زۆریش دڵم نیشتبووە سەری‌و مێملی بووم).
– لە جەمیل سائیبم پرسی: باشە ئەم ژوورەی من بۆ ئەو چ خۆشی‌و ئاسوودەییەکی تێدایە؟ بۆچی جارجار دێتە ئەم ژوورەی من دادەنیشێ؟
– چونکە وەکو پێمگوتی، ئێمەی مردوو ئازادین، بێسنوورین. تۆ ئەوە نازانیت کە خێو لە هەر ساتێکدا؛ لە هەر شوێنێکدا پەیدادەبێت‌و لە هەر ساتێکدا لە شوێنێك بزردەبێ؟ تۆ ئەمەش نازانی؟!
– با؛ ئەمە دەزانم، بەڵام دەپرسم: بۆ نموونەی کافکا چ شتێك لەناو ژووری ئەم کتێبخانەیەی من دەبینێ خۆش بێ تا خۆشی لێوەربگرێ –بە قسەی تۆ؟
– خۆشی ئەوە دەبینێ کە تۆ ئەوت خوێندۆتەوەو دەیناسی، قەدری دەزانی، خۆشتدەوێ. خۆشتناوێ؟ قەدری ناگری؟
– با
– تەواو
– ...
– کەواتە هەقی خۆیەتی‌و ئاساییە ئەگەر جارجارێك بێت‌و سەرێکیش لە تۆ بدات‌و لە ژوورەکەت کەمێك دانیشێ، بەڵام ئەوە بزانە، لە عەینەن ئەو ساتەی کە لەلای تۆیە، لەوانەیە لە شوێنێکی تریش بێ، لای کەسێکی تریش بێ.
– گەیشتە تینم، بە جەمیل سائیبم گوت:
ببورە ئەگەر تێکەڵ بە کاری شەخسی تۆ دەبم. دەتوانی پێمبڵێیت کە ئێستا حاڵی حازر لەم چرکەیەدا.. تۆ خۆت.. لە چ شوێنێکی دیکەش؟!
– جەمیل سائیب گوتی: تەنیا یەکێکیانت پێدەڵێم.
– دەی
– لەگەڵ جەمال عیرفان، قۆڵمان لە قۆڵی یەکتر ئالاندووە، لە بەردەرکی سەراوە سەردەکەوین بەرەو جادەکەی بەردەم ئۆرزدی جاران بۆ ئەوەی بەرەو گەڕەکی ئیبراهیم پاشا بچین، لەوێ.. لە یەکتر جوداەبینەوەو هەریەکەمان بەجودا دەچینە خەونی دوو نووسەری گەنجی تازە هەڵکەوتووی شاری سلێمانییەوە بۆ ئەوەی ڕۆمانێك یان شانۆنامەیەك بنووسێت دژی "شێخ مەحمودی نەمر".
– بۆچی؟
– بۆ ئەوەی هەر یەکەمان بەجودا لەناو خەونی ئەو دوو نووسەرە گەنجە قەناعەتیان پێبهێنین کە شێخ مەحمود سەرۆك هۆزێکی دیکتاتۆر بووە .
من زۆرم پێ سەیربوو کە جەمیل سائیب هێندە رقی لە شێخ مەحمودە، پرسیم:
– بۆچی دەتانەوێ قەناعەت بەو دوو نووسەرە بێنن کە شێخ مەحمود ئاوها بووە؟
جەمیل سائیب گوتی:
– ئەی من پێشتر چیم پێگوتی؟!
– چیت پێگوتم؟
– ئەدی نەمگوت ئێمەی مردوو، ئێمەی خێو بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکێك دێینەوە ناو جیهانی ئێوە کە پێشتر لە زەمانی رابردووی خۆماندا ڕێگەمان لێگیرابوو بیکەین؟! یان چونکە ئەزیەت درابووین‌و ئێستا دەمانەوێ تۆڵەی خۆمان بکەینەوە!
ویستم لە مەبەستی جەمیل سائیب شتێ حاڵی ببم، پرسیم:
– یەعنی بەدەم حەسرەتێکەوە دێنەوە ناومان؟! بەهیوای وەدیهێنانی ئاواتێکتانەوە؟!
– ئاوها ئیتر.. هەریەکەیان شتێکی هەیە یان چەند مەبەستێکی هەیەو دەیەوێ بیکا. ئەگەر لێیبکۆڵیتەوە تووشی حاڵەتی زۆر عەنتیکەو سەمەرە دێیت. مەسەلەن ئۆسکار وایلد.. بۆ

ئەو مەبەستە دێتەوە لای ئێوە کە بچیێ خۆی بکوژێ. ئۆسکار وایڵد هەمیشە کەڵکەڵەی خۆکوشتنی لە کەللەدایە، چونکە لە ژیانی خۆیدا زۆر تەمەنای ئەوەی دەکرد خۆی بکوژێ کەچی تا مرد هەر خۆی نەکوشت.
من دەمویست بێمەوە سەر مەسەلەی خۆمان:
– باشە ئینجا ئێوە چیتان لە شێخ مەحمود دەوێ؟
– دەمانەوێ تۆڵەی خۆمانی لێبکەینەوە.
– ئەدی ئەویش وەك ئێوە نەمردووە.
– باشە ئەدی کورد ناڵێ مردووش دەستی لێشۆردووە؟
– با؛ بەڵام ئێمە بە مردوو حسێب نین.
– نەء
– ئێمە بلیمەتەکانین، یان ئەوانەین کە هەقو حسابمان بەسەر ژیانەوە ماوە.
– هەقو حسابی چیتان بەسەر شێخ مەحمودەوە ماوە؟!
– دەمانەوێ ئەزیەتی رۆحی بدەین. دەمانەوێ شۆرەتو ناوی بزڕێنین، چونکە ئەو لەسەر حسابی ئێمەو چەند کەسێکی غەدرلێکراوی وەکو ئێمە، لەسەر حسابی سەدان شەهید (کە لە خۆڕاییو بێ هیچ سوودێك بۆ میللەت رۆیشتن)، ئەو شۆرەتو ناوەی دروستکردبوو، ئێستاش پەیکەری بۆ دەکەنو فیستیڤاڵی لەبارەوە دەکەنو بۆ ئێمەش هیچ. ئەمە لە کاتێکدا ئێمە لەسەر هەق بووینو راستبووین.. نەك ئەو.
– کەواتە ئێوە، دوای مردنی خۆشتان هەر بەناو ئەمرۆماندا بەناو جیهانی واقیعدا هەمیشە رۆدەچنو کاریگەرییشیان هەر دەمێنێ؟!
– جەمیل سائیب پێکەنی، وەك ئەوەی قەشمەریم پێبکات:
– قوربان.. تۆ ئەو کاتەی هاتیت دەستت دایە (لە خەوما)کەی من، من دەیان ساڵ بوو مردبووم.. کەچی رۆحی من لەناو تۆدا بە هەموو هێزو وزەیەکی خۆیەوە، لەناو تۆدا بوژایەوەو کاری لێکردیت. وایە یان نا؟ تۆ چۆن ئەم راستییە بەڵگەنەویستە سادەیە نازانیت. پێم سەیرە! ئەدی چۆن؟! ئێمەی بلیمەتە مردووەکان، وەکو هەنگ بەردەوام لە جووڵەو خەباتو کاردایین لە هەموو ساتێکدا. ئێمەی مردوو لە هەموو زیندوویەك چالاکترو زیندووترین.
لە جەمیل سائیبم پرسی:
– بۆچی واتێدەگەی کە تۆو جەمال عیرفان لەسەر هەق بوون نەك شێخ مەحمود؟ بە چ بەڵگەیەك؟
– جەمال عیرفان دەڵێ بە پیلانی شێخ مەحمود بووە کە من کوژراوم، یانیش هیچ نەبێ سەبارەت بە ئەو بووە. بەنیسبەت منیشەوە بە پیاوێکی بێئاگاو دیکتاتۆری دەزانم. ئەسڵەن شێخ مەحمود من وای تێدەگەم دەستکەلای تورك بوو، دەستکەلای عوسمانییەکان بوو.
– پێکەنیم، گوتم چۆن؟
– جەمیل سائیب گوتی: کاك فەرهاد.. تۆ بیری لێبکەرەوە ئینگلیزەکان هاتن بۆ یەکەمین جار چاپخانەیان هێنایە سلێمانییەوە، بۆ یەکەمین جار رۆژنامەیەکیان بۆ ماوەی دوو ساڵ بە زمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بڵاوکردەوە، بۆ یەکەمین جار قورئانیان بە زمانی کوردی تەفسیرکرد بۆ ئەوەی خەڵك دزیو کاری خراپ نەکاتو رێز لە ئافرەت بگرێتو کاری باش بکات، بۆ یەکەمین جار هاتن قوتابخانەیان بۆ کوردان کردەوە، بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا جادەی قیرتاوکراویان لەنێوان هەندێ شارو شارۆچکەکاندا دروستکرد، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا هاتن کتێبی قوتابخانەیان بۆ منداڵەکان بە زمانی کوردی ئامادەکرد، بۆ یەکەمینجار لە مێژوودا بەپێچەوانەی عەرەبی ئیسلامو تورکی ئیسلامو فارسی ئیسلام هاتن ئێمەی کورد بگەیەنن بە مەدەنیەتو پێشکەوتن... باشە کاك فەرهاد... بێئاگایەکی وەك شێخ مەحمودی نەمر، ئەگەر داردەستی تورکو دەستکەلای عوسمانییەکان نەبێت... بۆچی دێ دژی ئەم ئامانجو کارە باشانەی ئینگلیزەکان دەوەستێتەوە؟ بۆچی دێ هەزاروپێنجسەد شێرە پیاوی کورد فریودەداتو لێرەوە بەرەو باشووری بەغدا، بەرەو شوعەیبە، شەڕی ئینگلیزەکان دەکاتو کوردی بەستەزمان بەناوی غەزاوە بەکوشت دەدا... ها؟ ئایا ئەمە رێگرتن نییە لە پێشکەوتنی گەلی کورد؟ ئایا ئەمە خیانەتو بێئاگایی نییە کە تۆ بێیت بەرگریی لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆریی وەکو دەوڵەتی عوسمانی بکەیت کە بەدرێژایی حەوتسەد ساڵ لەژێر پەردەی ئیسلامو ئیسلامەتیو هاودینییدا کوردی چەوساندۆتەوە؟!
ئینجا شێخ مەحمود نەوەستا هات دژایەتی دەیان نووسەری گەنجی کوردی وەکو منو دەیان رووناکبیری لاوی دیکەی کردو دەیانی وەك جەمال عیرفانو دەیانی دیکەی وەکو مستەفا بەهجەت. رەفیق حیلمیش بەناوی هاودینییمان لەگەڵ تورکو بە ناوی مقاوەمەی نیشتیمانییو عێراقییەوە فریوداو وزەی رۆشنبیرانەی هەڵمژین. بۆ زانیاریت: من دڵنیام رەفیق حیلمیش وێژدانی هێندە بەرامبەر شێخ مەحمود راحەت نییە. رەفیق حیلمی قەت لای من باسی ئەم مەسەلەیە ناکات، بەڵام من دڵنیام ئەویش قسەی خۆی هەیە لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە.
من بیرم لە قسەکانی جەمیل سائیب دەکردەوە.. گوتی:
– ئاوها ئیتر... هەر یەکێك لە ئێمەی بلیمەتە مردووەکان بە ئامانجێکی جیاوازو بۆ گەیاندنی پەیامێکی شەخسی خۆمان دێینەوە ناو واقیعی جیهانی ئێوە.
من بیرمدەکردەوە، ئەو گوتی:
– هەر کەسێکی نەبێتە خێو، بلیمەت نییە.
ئینجا گوتی:
– هەموو بلیمەتێك رۆحی لەناو یان لە رێگەی چەند کتێبێکی خۆیەوە دەژێتەوە.
پێش ئەوەی جەمیل سائیب لە پێش چاوم بزربێ، لە کۆتاییدا گوتی:
– ئێمەی نووسەرانی بلیمەت.. هەرگیز نامرین.. هەرگیز.. لەکۆڵ ئێوەو ئەم کاولە جیهانەی خۆمان نابینەوە..